ژمارە ٦

کەپر

٢٠٠٥

کۆڤارێکە بۆ منداڵان

دەزگەی سپیرێز بەیارمەتی رێکخراوی دیاکۆنیای سوێدی دەری دەکات .

خاوەن ئیمتیاز: چنار عەلی مەندی

## پەیڤی کەپر

زمانی عەرەبی زمانی زیاتر لە سێ سەدو پەنجا ملیۆن مرۆڤە و زمانی رەسمی پتر لە ١٧ دەولەتی سەربەخۆیە.

زمانی سوێدی زمانی کەمتر لە نۆ ملیۆن مرۆڤە و زمانی رەسمی تاقەیەک دەولەتە.

سەرەرای ئەمە ئەو پەرتۆکانەی لە ساڵێکدا بۆ منداڵان بە زمانی سوێدی چاپدەکرێن زۆر زۆر زیاترە لەو پەرتۆکانەی لە ساڵێکدا بە زمانی عەرەبی بۆ منداڵان چاپدەکرێن.

ئەگەر بروامان هەبێت منداڵ پاشەرۆژی گەلانن و خوێندن تاکە رێگای پێگەیاندنی کادری بسپورو کەسانی زانەیە و دەبێت بروامان هەبێت کەوا کۆمەڵ تەنها بە کادری بسپورو مرۆڤی زانا پێشدەکەوێت و پاشەرۆژێکی گەش و ئاسوودە بۆ خۆی دابین دەکات، بەمەش دەزانین کە عەرەب و سوێدی تا چەند نیگەرانی پاشەرۆژی منداڵی خویانن.

گۆمانم نیە لە ناو عەرەبدا کەسانی وا هەن کە ئاگاداری ئەم رەوشەن و هەوڵی چارەسەر کردنیشی دەدەن.

بەڵام ئایا ئێمەی کورد - چ وەک کەس و چ وەک کۆمەڵ - تا چەند خەمی منداڵەکانمان و سەرچاوەی خوێندنیان دەخۆین..؟ و چ کارێکمان کردووە بۆ دروستکردنی پەرتۆکخانەیەکی دەوڵەمەند بۆ منداڵەکانمان بە زمانی خۆیان..؟ ئایا ئێمەی باوک و دایک چ هەوڵێکمان داوە بۆ دروستکردنی پەرتۆکخانەیەک لە ماڵەکانماندا بۆ منداڵەکانمان و هاندان و یارمەتیدانیان بۆ خوێندنی پەرتۆک..؟ ئایا چەند کەسمان مانگی جارێک کاتێک ئێواران دەگەرێینەوە بۆ ماڵەوە گۆڤارێک یان پەرتۆکێک بە دیاری دەدەینە دەست منداڵەکانمان..؟

ئەمانە چەند پرسیارێکن، ئەگەر بەردەوام ئاراستەی خۆمانی بکەین لەو بروایەدام هەنگاوی راستەقینە بەرەو پاشەرۆژێکی راستەقینە دەهاوێین و رێگاش چەند دووربێت بە هەنگاوی یەکەم دەست پێدەکات.

تا ژوانێکی تر هەمووتان شادو کەپرتان ئاوەدان

سەرنووسەر

سەرنوسەر
مونەیەد تەیب

سەرپەرشتکاری زمان
موسەدەق تۆڤی

نیگارکێش
نەجمەددین بیری

دەرهێنان
بلند ئەحمەد تەیب
بەیار جەمیل

تیپچنین
حسێن سەنعان

سەرپەرشتکاری چاپ
زاگرۆس مەحموود

دهۆک: ئاوایی سەندیکای کرێکارانی کوردستان ـ نهۆمی سێیەم
تەلەفۆن: 7222125 7225376
E.mail:kepir@spirez.org

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە